# قوباد تاڵەبانی، وەڵامی بۆچوونە نارِاستەکانی باوکی دەداتەوە!



شەممە 13.5.2006

دەرسیم دیبەگەیی
Darsim88@hotmail.com

لەژیانمدا زۆر لە مار دەترسم، بەڵام ئەوەی لەوەش زۆرتر لێی بترسم دیمانە، چاوپێکەوتن، لێدوان، کۆڕ، کوبوونەوەو کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکانی مام جەلال-ن. بەدەست خۆم نییە، هەرکە مام جەلال دەبینم لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی کە لە تەلەفزیۆن پەخش دەکرێت، یان وتەو چاوپێکەوتنێکی ئەو لەیەکێک لەرۆژنامەکان دەخوێنمەوە، ترسێکی گەورە میوانم دەبێت تاوەکو کۆتایی بەکۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکە دێت، یاخود تاوەکو لەخوێندنەوەی وتەکەی یان چاوپێکەوتنەکەی مام دەبمەوە، چونکە زۆربەی زۆری جارەکان لە لێدوانەکانیدا چەند شاباشێکی تیا ئەبێت بۆ عەرەبی سوننە، عەرەبی شیعە یان برا تورکمانەکانی خۆی، هەمووشی لەسەر خوێنی کوردە بەدبەختەکە!

لێرەدا چەند نموونەیەک دێنمەوە لەو لێدوانانەی مام جەلال، کە لەڕابردوودا ڕایگەیاندوون: (ئێراق وڵاتێکی عەرەبیو ئیسلامییە، ئێراق ژمارەیەکە ناکرێ بەش بەش بکرێت، ڕۆژێک لەڕۆژان بیرم لەدامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی یان جیاکردنەوەی کوردستان لەعێراق نەکردۆتەوەو هەمیشە بەرگریم لەعێراق کردووە، دژایەتیکردنی حکومەتی تورکیای ئێستا، مانای ناپاکی کردنە لەبەرامبەر گەلی کورددا، پێشنیاری مۆدیلی برۆکسل دەکەم بۆ کەرکوک، ئیمام خومەینی دۆستی نزیکی کوردە، پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران باواز لەخەبات بهێنن خۆ بەقەد کارەساتی ئۆتۆمۆبێل زیان بە ئێران ناگەیەنن، سەید ئەلسیستانی نیعمەتێکە لەخواوە بۆ گەلی عێراقو چاوی دیموکراتییەو ڕۆڵی مێژوویشی زانراوە، سەربەخۆیی کوردستان خەونی شاعیرانە، ئەگەر لەشکری تورکیا بێتە کوردستان گوڵبارانیان دەکەین، چیتر نامەوێت گۆشتی قەل بخۆم چونکە بەئینگلیزی بەقەل دەڵێن تورکی، ئەگەر سوننە وڵاتانی عەرەبو شیعە ئێرانیان هەبێت...ئێمەش تورکیامان هەیە، ئۆتۆنۆمی دەدەین بە تورکمانەکانی کوردستان لەو ناوچانەی کەچڕی دانیشتوان پێکدێنن، کەرکوک شاری برایەتیو شاری کورد، عەرەب، تورکمانو کلدوئاشورییە، شاری موسڵ شارێکی عەرەبییە، هۆزی شەمەڕی عەرەب بەشدارییان نەکردووە لە بەعەرەبکردنی کوردستان، تائێستا کوردێکی ئێراقی بووم بەڵام لەئێستاوە ئەبم بە ئێراقییەکی کوردو دواجاریش لە کوردستانی نوێ ژمارە (3963)ی سێشەممە 9.5.2006داو ستایشێکی بێ مانای سەرۆک وەزیران ئیبراهیم جەعفەری کرد). ئەو جەعفەرییەی کە زۆرجار بەئاشکرا کاتی خۆی گوتوویەتی: (سەدام حوسێن، مافی خۆیەتی ئاوا لە کوردەکان دەکاتو بەمشێوەیە لەناویان دەبات.(1)

قوباد، گەورە کوڕی جەلال تاڵەبانی، لە 6.5.2006دا وتارێکی لەژێر ناوی "سەربەخۆیی چیتر خەونێکی مەحاڵ نییە" لەڕۆژنامەیەکی ئینگلیزی بەناوی "سۆما"دا بڵاوکردۆتەوە لەگەڵ نەخشەیەکی کوردستانی گەورە کە شاری موسڵ کەوتۆتە نێو سنووری ئەو کوردستانە! بەمەش قوباد تاڵەبانی بۆمان دەسەلمێنێ کە ئەوەی باوکی بانگێشەی بۆ دەکات کە سەربەخۆیی کوردستان خەونە، وا نییەو سەربەخۆیی کوردستان شتێکەو نزیک بۆتەوە. دەربارەی ئەوەش کە شاری موسڵ، شارێکی عەرەبییەو هۆزی شەمەڕ بەشداری لە بەعەرەبکردنی کوردستان نەکردووە، هەروەکو مام جەلال وای بۆ دەچێت، ئەوە نەک هەر دوورن لەڕاستی، بەڵکو دەریدەخات کە شاری موسڵ، وەکو شارو پارێزگا بەشێکی گرنگی کوردستانەو، عەرەبی شەمەڕیش ئەگەر بەشداری بەعەرەبکردنی کوردستانو شاری موسڵ-ی کوردو کوردستانی نەکردبێ، چی دەکەن لەشاری موسڵ-ی کوردان؟ دیارە قوباد تاڵەبانی، پێی وایە موسڵ شارێکی کوردییەو سەر بەخاکی کوردستانە، بۆیە شاری موسڵ-ی خستۆتە نێو سنووری کوردستان، لەکاتێکیشدا کە شاری موسڵ شارێکی کوردی بێتو سەر بەخاکی کوردستان بێت، بوونی عەرەبی شەمەڕ لە شاری موسڵ، بەعەرەبکردنی ئەو شارە لەلایەن شەمەڕەوە دەسەلمێنێت.

هەرچەندە لایەنی دەربڕینی وتارەکەی قوباد لاوازی زۆری پێوە دیارە، چونکە وا دەردەبڕێت، ئەگەر هاتوو شەڕی ئایینزاکان لە ئێراق ڕوویدات ئەوکاتە دراوسێکانمان نابێت گلەیی ئەوەمان لێبکەن، گەر بمانەوێت سەربەخۆیی کوردستان ڕابگەیەنین! قوباد تاڵەبانی دەبوایە

**لەوتارەکەیدا باسی ئەوەی بکردایە، کە کوردستان وڵاتێکی داگیرو دابەشکراوەو کوردیش مافی خۆیەتی لەو پێناوەدا خەبات بکاتو، ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە کە داوای دامەزراندنی وڵاتێکی سەربەخۆ بکات لەسەر خاکی نیشتمانەکەی خۆی کە کوردستانە!**




**(1)- مامۆستا جەعفەر (فازل ئەحمەد کەریم، بەرپرسی مەکتەبی بیرو هۆشیاری، بەرنامەی "دیدار" تەلەفزیۆنی کوردسات، پێنجشەممە** 27.4.2006.